ڕەشید بە فەیاز جەخت دەکاتەوە لەسەر پەیوەستی پشتیوانی لە دامەزراوە نیشتمانییەکان

سەرۆک کۆمار د. لەتیف جەمال ڕەشید لەگەڵ فالح فەیاز سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی کۆبووەوە.

سەرۆکایەتی کۆمار لە ڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کۆتووە بەاویکردەڵ لەمیانی دیدارەکەدا کە ئەمڕۆ دووشەممە 1-12- 2026، بەڕێوەچو دوایین پێشهاتەکان تاوتوێ کرا و جەختیانکردەوە لە گرنگی پتەوکردنی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی وڵات.

سەرۆک کۆمار جەختیکردەوە لە پەیوستی پاڵپشتیکردنی دامەزراوە نیشتمانییەکان و پەرەپێدانی هەماهەنگی نێوانیان بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی ئێستا کە دەبێتە مایەی چەسپاندنی ئاسایش و بەدیهێنانی ویستی عێراقیەکان بە سەقامگیری و گەشەپێدان.

سەرۆک کۆمار پابەندبوونی خۆی بە پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی بە ئامانجی پتەوکردنی یەکێیزی نیشتمانی دووپاتکردەوە، هاوکات فالح فەیاز پێزانینی خۆی بە هەڵوەست و پشتیوانی سەرۆک کۆمار بەرامبەر بە دامەزراوە ئەمنییەکان دەربڕی.